# مەزهەری خالقی،

## شۆڕشێکی بەردەوام لە هونەری گۆرانیی کوردیدا
## لێشاوێک سۆز و خۆشەویستیی ناخێکی بێگەرد

گوشاد حەمەسەعید

ئەو سەردەمی من مەزهەری خالقییم تێدا ناسی، سەردەمی ساڵانی زووی منداڵیم بوو و تا بڵێیت کوردستان لە بارێکی جەنجاڵ، خوێناوی و ترسناکدا بوو. ناتوانم بەتەواوی ساڵەکە دیاری بکەم، بەڵام باوەڕ ناکەم لە ساڵی (١٩٦٣-١٩٦٤) بەدواوە بووبێت کە بۆ یەکەم جار گوێم لە گۆرانیی پڕ لە سۆز و جۆش و خرۆشی "شیرین تەشی دەڕێسێ" بوو. ئەوساکە لە دوای تاریکیی ئێواران نەدەبووایە کەس بە کوچە و کۆڵانەکانی کۆیەدا بێت و بچێت، چونکە بە ناوی (منع التجول)ەوە هاموشۆی یەکدی، گەڕان و سووڕان یاساغ کرابوو و ئەوەی بە پێچەوانەشەوە بجووڵاباوە خوێنی خۆی لە ملە خۆی بوو. هەر لە ئێوارانەوە جاش و بەکرێگیراوان لەگەڵ سەربازانی سوپای ڕژێمی ئەوساکە بەسەر کۆمەڵێک شوێنی بڵند و سەربان و دامەزراوە حکوومەتییەکاندا دابەش دەبوون و، جگە لە پێشمەرگە کە زۆر شەوان بەسەر ئەو شوێنانەیاندا دەدا، کۆڵانەکانی شار دەبوونە قەبرستان.

وا ڕێککەوت، ئێوارەیەک بە کارێک چوومە ماڵی باپیرە و وەختەکە درەنگ بوو ماوەی گەڕانەوە نەمابوو و لەوێ مامەوە. خاڵم، کە ئەوساکە پارتی بوو، بە دوای دەنگوباس بە ئێستگەکاندا دەهات و بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی و ڕادیۆکەی لەسەر ئێستگەیەکی کوردی دانابوو و ئاوازێکی ناسک و گەرم بەناو هەستی منداڵانەمدا شەپۆلی دا، ئەویش کە ئەوساکە لاوێکی ڕەبەن بوو لە تەنیشت ڕادیۆکەوە کورکەی لە خۆی بڕیبوو، تا گۆرانییەکە تەواو بوو. ئەوجا هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبیرمە زۆر بەتاسەوە باسی دەنگخۆشی و پڕسۆزیی مەزهەری خالقی بۆ کردم. هەڵبەتە ئێستگەکە ئێستگەیەکی کوردیی ئێران بوو،

ئیدی ئەگەر جاروبارێک لە هەرکۆیەک گوێم لە دەنگی ئەم هونەرمەندە بووایە، دەمناسییەوە و گوێم بۆ هەڵدەخست.

باوکم زۆر حەزی لە دەنگی خۆش و مەقامات دەکرد، خۆیشی شارەزایی لە گوتنی مەقاماتدا هەبوو، دەنگێکی بەسۆزیشی هەبوو. لە بیرمە هاوسێیانی گەڕەک، خزم و کەس، لە شەوی تایبەتیدا دەکەوتنە (گۆتن) و بۆ یەک گێڕانەوە. ئەوساکە ژیان هەرچەندە پڕ تەنگوچەڵەمە بوو، بەڵام سادە و ساکار بوو. جگە لەمە کۆیە هەر لە کۆنەوە کە مێژووی بەر لە سەدوپەنجا ساڵێک لەمەوبەری ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێت و کۆمەڵێک گۆرانیبێژ و دەنگخۆشی لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە. ئەوەتا ئەمیناغای حەوێزی(١) خۆی بە نان و قەسەمی خۆی کۆرسێکی لە دەنگخۆشان بە خێو کردووە، تەنیا بۆ دانیشتن و سەرگەرمیی شەوانەی دیوەخانەکەی ناوی حەنیلە(٢) دیان وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دێت و ئێستاش خەڵکانێک ماون کە لە بیریانە چۆن موحەمەد گوبانچی هاتۆتە کۆیە و لە حزوری حاجییە گەورەدا(٣) مەقامی چڕیوە. مەلا ئەسعەد، سێوە، مەلاکۆرە ـ مەلا حەمەدە کۆرە(٤) مێژووی هونەری گۆرانیی کوردییان لە کۆیەدا ڕازاندۆتەوە. جگە لەمانە دەیان و دەیان دەنگخۆشی دیکە کە ناکرێت لێرەدا باسیان بکەین، ئەگەر کەمخوێندەواری و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی نەبوونایە ئێستا هەریەکەی تۆمارێکی فراوان و تێروپڕی لە دوا بە جێ دەما.

بەڵێ زۆربەی ئەم دەنگخۆشانە لە هەژار و نەداریدا بوون، ئەگەر دەستگیرۆیی دۆست و برادەران نەبووایە یان پارووەنانی هاوسێ و دوو

قرۆشی مەولودێک نەبوونایە هەرزوو کەلا دەکەوتن و زۆربەشیان بە بێکەسی و بێنازی سەریان نایەوە.

زۆر باشم مامە سێوە لە بیرە، لەبەر بەرچۆکەی مەیدانی خوارێ دادەنیشت کە لە ڕەنگی (دیانان)ەوە نزیک بوو، زۆرجاران دەستی مەلا کۆرەم گرتووە و بۆ مەولودخوێندنەوەم بردووە. ئەوسا هەر ئەوان برسی نەبوون، ئەمە حاڵی زۆربەی زۆری خەڵکی بوو. بەڵێ بە هۆی دەرودراوسێ و دۆست و برادەرانەوە باروبوویان دەکرا، بەڵام قەت ئەمە تێرایی ژیان نابێت.

ئەم مەولودخوێن و مەقامبێژانە خۆیان لە خۆیاندا دیوانەشیعری تێروتەسەل بوون و باشترین غەزەلی شاعیرانیان دەچڕی(٥) ئێستا مەگەر چۆن لە پەنا و پەسیواندا هەندێک کاسێتی خراپۆچکە و پڕ لە خرە خڕەخڕیان لەبەر تۆمار کرابێت، بەتایبەت لە ئارشیڤی خوالێخۆشبوو موحەمەد عەبدوڵا(٦) کە لە ڕاستیدا عاشقی دەنگی خۆش بوو و ڕۆژانە لە چایخانەکەیدا بە بەکرەی گەورە گەورە گۆرانی لێدەدا و چەند جارێکیش بۆ ئاهەنگەکانی ئوم کەلسوم و موحەمەد عەبدولوەهاب چۆتە وڵاتی میسر.

جارێکیان ئەم شادڕەوانە گێڕایەوە: کە لە ساڵی ١٩٦٣دا لە کۆیە شەودانیشتنێک بۆ کۆمەڵێ دەنگخۆش ساز دەکا بەو نیازەی ئەو شەوە تایبەت بێت بۆ مامەسێوە تا چەند بەکرەیەک لە دەنگی تۆمار بکەن، هەموو کەلوپەل و پێداویستییەک ئامادە دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سێوە باری تەندروستی ناڕێک دەبێت لە کاتی گۆرانی و مەقامگوتندا زۆر دەکۆکێ، بۆیە تکا لە کاکە حەمە دەکات کە ئەو بەکرەیە بسڕێتەوە و قسەی پێ دەدات کە چاک بووەوە چی ویست بۆی تۆمار بکات. کاکە حەمەش بەکرەکە دەسڕێتەوە، بەڵام سێوە لەو نەخۆشییەی ڕاست نابێتەوە و گیانی دەسپێرێت. ئای کە کاکە حەمە هەر پەکوو پەکووی بوو چۆن ئەو غەڵەتی کرد، بەتایبەتیش باسی گۆرانییەکی زۆر بەسۆزی قەدیمەی دەکرد کە ئەو شەوە سێوە بۆی تۆمار کردبوو و بێ سەروشوێن ون بوو.

دەڵێن مام تۆفیقی باوکی تایەر تۆفیق دەنگی ئەوەندە خۆش بووە و لە چڕینی مەقاماتیشدا زۆر وەستا و زەبەردەست بووە، ئەگەر تایەری کوڕی لە شوێنێک گۆرانی و مەقامی گوتبا و نەشازی هێنابا، پشتی ملی دەگرت و خراپ تەمێی دەکرد.

بەڵێ ئەو هەموو دەنگە بەسۆزانە ئێستاش لە کەنار و گۆشەکانی یاد و یادەوەرییەکانمدا دەنگ دەدەنەوە و ڕۆژ لە ڕۆژ پتر گەورە و خۆشەویست دەبن. بۆ باسی مەزهەری خالقیش ناکرێت ئاوڕ لە ژیانی زووم نەدەمەوە، چونکە وا هەست دەکەم برادەرێکی ئەو سەردەمانەمە و زۆر بە یەکەوە ژیاوین.

سەرەتای هاوینان، دوای ئەوەی دەرگای قوتابخانەکان دادەخران، لەسەر ئاو و ئاگر بووی تا دەگەڕاینەوە کۆیە و لەناو شار و دەم ڕەز و باخی خزمان بەشێکی هاوینمان ڕادەبوارد و بە دۆست و برادەران شاد دەبووینەوە،

گەنجانی ئەوساکەی کۆیە زۆربەی شەرمیان لە خۆیان دەکردەوە ئەگەر لە شیعری هەر شاعیرێکی کورد کۆمەڵێکیان لەبەر نەبا، بە کۆمەڵ تاووتوێی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییان دەکرد، لە شوێنی تایبەتی کۆڕیان لێ دەبەست، بەڵام کەم کۆڕم لەو کۆڕی شەوانە خۆشتر لە بیر نییە کە بەدەم ڕەز و باغ و تووتن ئاودانەوەلە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە، هەرچی ترسی مار و زیندەوەر هەیە لە خەیاڵماندا



مەزهەری خالقی

نەبوو، لەسەر گۆلەتووتنان لێ پاڵ دەکەوتین و هەرچی ئێستگە کوردییەکانی ئێران هەبوو تەواو دەبوو، بە بەرنامەکانیان سەرمەست دەبووین. کە شەو ڕادەشکا نۆبەی دەنگە فارسییە بەسۆزەکان دەهات. دوو بەتلی شەو ڕادەشکا، نانێکی دیکە دەخورا و چایەکی دیکە دم دەکرا. ئا بەو جۆرە شەومان ڕۆژ دەکردەوە. هەڵبەتە مەزهەر هەردەم ئامادەگیی تایبەتی لە تێکڕای شەواندا هەبوو، (بەیاد) بەبێ کاسێت نەدەبوو لە وەختی خۆیدا بۆی لێ دەدایین.

بەڵێ ئەم عیشقە تا ئەمڕۆش هەر گەورە دەبێت.

ئەوەتەی من لە بیرمە هیچ ئێستگە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێکی کوردی نەیتوانیوە لە لانی دەرهێنانی هونەری و پێشکەشکردندا بگاتە ڕادیۆ کوردییەکانی ئەوساکەی ئێران، تەنیا کەسەرێکیان ئەوە بوو ماوەکانیان کورت بوو. بەڵام ئەوەندە زاخاو دەدرا مرۆڤی مات و حەیران دەکرد. گەورە و بچووکی مالان لە دەوری ڕادیۆ کۆ دەبوونەوە، تا بەشێکی دیکەی چیرۆکی شەویان گوێ لێ بێت، یان گوێ بۆ غەزەلێکی پڕ لە سۆز و تەڕ و پاراو بە دەنگی مامۆستای دەنگ پڕ لە خرۆشی شوکوروڵڵای بابان ببیستن، یان گۆرانییەکی سەیدعەلی ئەسغەر، حەسەن زیرە، ماملێ، مەزهەری خالقی، برایانی زیزی و... ببیستن.

بەڵێ دڵە پڕ سۆز و جۆشەکانمان ڕۆژانە بە شیلەی ئەو هەموو وشە کوردییە پاراوانە و موچڕکە ناخهەژێنانە زاخاو دەدرا.

هاوینانی ئەوسای کۆیە مرۆڤی مەست و حەیران دەکرد، سەدان سەدان کەس بە شەقامی تەمتەمان بۆ غەریبان بۆ

حەمامۆک و کانیی سۆرک بۆ دامەنەکانی سەرڕەزان بۆ ڕێگای تۆبزاوا و هەرمۆتە(٧) بۆ پیاسەی ئێواران ڕێچکەیان دەبەست و هەمووی جلوبەرگی خاوێنی دوای ئیشوکاری لەبەر دەکرد و دوای شەکەتبوون لە چایخانەکانی دەم ڕەزان بۆ حەسانەوە لایان دەدا، بەتایبەتی دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ئەوساکە چایخانەکان باخچەی پڕ لە گوڵ و گوڵزار بوون، مرۆڤی بە دیتنی ئەو دیمەنانە ماندوویی دەحەساوە و لەدەم حەوزە ئاو و جۆگەکاندا کورسی و مێز ڕیز دەکران و یەکێک لە بەرنامەکانیان دەنگی مەزهەری خالقی بوو وەک شنەبایەکی فێنک خۆی بە ئامێزی هەست و سۆزی ئەو خەڵکەدا دەکرد. کاسێت و بەکرەکانی ئەوساکە دەستاودەست، ماڵەوماڵ، لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک، دەچوون. لێکدانەوەی ئەویندارانە، بۆچوونی سیاسییانە و... بۆ مانای وشەی گۆرانییەکانی لێک دەدرانەوە. "کەی بێت و خوا بیکات ڕۆژێک، تەنیا جارێک، بە دیداری مەزهەری خالقی شاد بم، تۆ بڵێیت ئەو ڕۆژە بێت و مەزهەر بێتە ئێرە و ئاهەنگێکی گۆرانیمان بۆ ساز بکات، دەڵێن کاتی خۆی لە بەغدا بووە. هەندێک دەیانگوت خوێندوویەتی، هەندێک دەیانگوت نا مامۆستا بووە، دەڵێن هەیە بە چاوی خۆی مەزهەری خالقی دیتەوە، دەڵێن لە کرماشان دەژی، نا بابە لە تارانێ دەژی..." ئەمانە هەموویان قسەی سەر زاری عاشقانی مەزهەری خالقی بوون و کەس ڕاستییەکی وا لەکن نەبوو، خەڵکەکە بە زانیاریی تەواو لەسەر مەزهەری خالقی تێر بکات.

ڕەهبەر جەلالی جوانەمەرگ و گۆڕغەریب بوو، عاشقێکی بێ غەل و غەشی مەزهەری خالقی بوو. دوای گەڕانەوە لە ئێران لەپاش ساڵی ١٩٧٤، زیاتر شەیداری مەزهەر بووبوو. جارێکیان کاسێتێکی پێشکەش کردم و گوتی: ئەمە سیمفۆنیای کوردییە! ئای چەندە ئارەزوومەندانە خۆم گەیاندە شوێنێک بۆ گوێگرتن لە کاسێتەکە. گوێ بدەمە چی!؟ یەک کۆمەڵ گۆرانیی نوێی مەزهەری خالقی بوو وەک "لەنێو ڕەشماڵی خێڵان..." "بازی بێریان..." و "پەپوولەی ئاسمانی..." ئەو ئێوارەیە ئێوارەیەکی شاد و پڕ شەوق بوو لە ژیانمدا و بەرانبەر وەستاکاری و وردەکاری و زەخرەفە و نەخشی ڕەنگینی ئەم گۆرانییانە زۆر دامام و وامدەزانی خۆم شیعر و گۆرانی و ئاوازەکانیم داناوە. خۆشحاڵ بووم بەوەی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی هەنگاو بۆ ئەو لووتکە بەرزە بنێت.

بەڵێ دەکرێت مەزهەری خالقی زۆر بەرز هەڵبسەنگێنرێت، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە گۆرانییەی باسم کرد و من وا دەزانم تا ئەمڕۆش لەم ئاستە بەرزە نە خۆی و نە خەڵکی دیکە گۆرانییان تۆمار نەکردووە. بەڵێ شۆڕش بوو، شۆڕشی هونەر. ئاڵای شەکاوەی گەلان و هێمای پێشکەوتن و شانازی.

عاشقێکی دیکەی ئەم گۆرانیبێژ و هونەرمەندە (ئازاد دڵزار)ی شاعیرە. دوای ئەوەی لە دوورخراوەیی و حەبس و زیللەت گەڕایەوە هەولێر، زۆر یەکترمان دەدیت و پیاسەشمان پێکەوە دەکرد. هیچ دیدەنی و دانیشتنێکم نەبوو لەگەڵیدا کە ڕێچکەیەکی باسەکە بۆ سەر مۆسیقا نەهێنێتەوە و باسێکی مەزهەری خالقی نەکا. ئازاد خۆی زۆر حەز لە مۆسیقا دەکات و لەم بارەیەشەوە کۆمەڵێک وتاری لەسەر مۆسیقازانانی جیهان نووسیوە یان وەرگێڕاوە و ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم وا دەزانم کە نەختێ لە ئامێری عود دەزانێت،(٨) بەڵام قەت ڕێک نەکەوتووە گوێم لە عودلێدانی بێت و هەردەم دەیگوت: دەبێت کورد زۆر ڕێزی مەزهەری خالقی بگرێت، ئەم هونەرمەندە مێژووی هونەری کوردی ڕازاندۆتەوە.

ئەوساکە و ئێستاش ئازاد خۆی پارچەسیمفۆنیایەک بوو و هەیە و دەیگوت لە سەختترین کاتەکانمدا نەمتوانیوە ئەم هونەرمەندە لە بیر بکەم. لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر زوو مەزهەری خالقی کاک ئازادی ناسیبا، کۆمەڵێک شیعری ناسکی ئەوی دەکرد بە گۆرانی.

تاکە جارێک کە خەریک بوو بە دیداری ئەم هونەرمەندە شاد بم، کۆتایی ساڵی ١٩٨٤، یان سەرەتای ساڵی ١٩٨٥، بوو. ئەوساکە لە ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە گۆڤاری (کاروان)دا کارم دەکرد و سەرۆکی بەکردەوەی کاروانەکەمان کاک حسێن عارفی چیرۆکنووس بوو. هەڵبەتە چەند ڕۆژێک بەر لە سەری مانگ کە گۆڤارەکە چەند ڕۆژێکی دەما بۆ دەرچوون و تێکڕای کارمەندان لە هۆڵی دایەرەکە دەماینەوە و تا بەری بەیانی کارمان دەکرد و گۆڤارەکە بۆ چاپکردنی بەرەو بەغداد دەبرا، لە یەکێک لەو ئێوارانەدا کاک حسێن عارف گوتی: کوڕینە مژدەیەکی خۆشتان دەمێ! ئێمەش گوێقوڵاغی مژدەکە بووین و ئەوجا گوتی: مەزهەری خالقی لە بەغدایە و داواشم لە ئەمینداریی گشتی کردووە کە بە ناوی گۆڤاری کاروانەوە داوەتێکی ڕێزلێنانی بۆ بکەین و بە دیاری شاد بین و ئەگەر ڕەخسا هەوڵی گێڕانی ئاهەنگێکی بۆ بدەین.

بەداخەوە وا دەزانم هەرچەندی کاک حسێن کردی و کراندنی هەوڵەکەی سەری نەگرت و ئاواتەکەمان نەهاتە دی، تا پار هەواڵی ئەم هونەرمەندەم لە زاری مامۆستای ئازیز د. نوری تاڵەبانی بیستەوە و ئاگاداریشم کردووەوە کە دەمێکە خەریکی ئەوەم شتێک لەسەر سۆز و خۆشەویستیم بۆ مەزهەری خالقی بنووسم.

وا دەزانم دەربەدەربوونی مەزهەر لە وڵات و زێدی خۆی شکستێکی گەورە بوو و بەرهەمەکانی کەموکووڕییان کەوتە ناوێ و هەرچەندە کۆمەڵێک گۆرانی ناوازەی لەم دەربەدەرییە تۆمار کردووە، بەڵام بە ڕای من چاوەڕێی شتی گەورەتری لێ دەکرێت! ڕەنگە هەڵۆی غوربەت چڕنووکی تیژی لە هیمەت و وورەی گیر کردبێت لە لایەک و لە لایەکی دیکەش ئەم هونەرمەندە بچێتە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە ناکرێت مۆسیقای لە ئاستی مۆسیقای ئێران بۆ بژەنرێت. ئەمە جگە لە ونبوونی ئەو عیشق و سووتانەی کە مرۆڤ گۆرانی بۆ دەڵێت، کە ئێستا بووە بە داغی بەسوێی غوربەت و ونبوونی هەموو شتەکان و لەقین لە پێگە هونەرییەکەی و دوورکەوتنەوە لەو دەوروبەرەی کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پەرە بە خۆدان.

زۆرم هونەرمەند دیتوە کە لاسایی هونەرمەندانی دیکەیان کردۆتەوە، وەک لاسایی مامڵێ، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، سەیدعەلی ئەسغەر، ڕەنگە شتێکیش لێیان نزیک بووبنەوە، وەک عەزیزی شارۆخی یان سادق حەریری، بەڵام تا ئێستا کەس

١٧ل